# وەلاَمێك بۆ ( مەلا بەختیار) لە لاوانی نەتەوەیی موسڵمانی کوردەوە

لە کۆتایی ساڵی رابردوو، بەیاننامەیەکمان لە بارەی پرۆژەیەکی یەکێتی بۆ ناشرین کردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە سەرپرشتی ( مەلا بەختیار) بلاَوکردەوە. ئێستا دوای تێپەربوونی مانگێك بەرێز (مەلابەختیار) لە ژێر ناوی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراسیەکانیان وەلاَمی ئەو بەیاننامەیەی ئێمەی داوەتەوە. ئەم وەلاَمەی بەرێزیان عوزری لە قەباحەت گەورەترە، چونکە یەکەم، هەڵچوونێکی زۆری پێوە دیارە دووەمیشیان وەکو نەریتی هەر جاری خۆی، کە باوەری بە دیالۆگ و دوان لەگەل بەرامبەرەکەی نیە، لە جیاتی سەلماندنی ئەوەی کە کتێبەکان لە ژێر چاودێری ئەوەوە دەرنەچووە، بە هەمان زمانی کتێبەکانی، بەرامبەری بە ( جەهالەت) و ( درۆنامە) تاوانبار دەکات، کە ئەم دوو وشەیە یەکسەر ناونیشانی هەر دوو کتێبەکەی ( جەهالەتی ئیسلام و دونیای هاوچەرخ) و ( خوێننامە) مان وەبیردێنێتەوە کە بەرهەمی عەقلی خۆیەتی.

بەرێزیان لە وەلاَمەکەیدا باسی سەردەمی عەولەمە دەکات، گوایە دەیەوێت خۆی بە ئالاَهەڵگری پێشکەوتن و مەدەنیەت و بەرامبەرەکەشی بە جاهل و دواکەوتوو سەلەفی ( کە ئەمانە دەستەواژەکانی بەردەوامی سەر زمانی ئەون) بنوێنێت، گەر ئێوە ئیسلام بە فاکتەرێکی دواکەوتوویی کۆمەڵگا دەزانن و بۆ سەردەمی عەولەمەی بە ئیکسپایەری دەزانن، بەرهەمی خۆتان بۆ ئەم سەردەمە چی بووە ؟! ئێوە لە وەتای بە ناوی شۆرشی نۆی کەوتونەتە مەیدانی سیاسیی کوردستان چ دەسکەوتێکتان هەبووە، کە بۆنی نویێ و پێشکەوتنی لێبێت؟ بێجگە لە شەرفرۆشتن بە هەموو لایەنێك و کوشت و کوشتار و تالاَن و هەرەشە و ترساندن و شوێنبزرکردن و کوشتنی دیل. ئێوەی نوێی سوشیال دیموکرات، کە لافی کۆمەڵگای مەدەنی لێدەدەن، کام هەنگاوتان بۆ ئەم ولاَتە مەدەنی بووە. سوشیال دیموکرات بروای بە بەکار هێنانی چەك نیە، بەلاَم گەر چەك لە حیزبەکەی ئێوە وەرگرن و نینۆککراو بکەونە ناو هەڵبژاردنێکی ئازاد، ئەو کات بەرهەمی شورشە نوییەکەتان و پشتگیریی گەل دەبینن !!!

(مەلا بەختیار) لە وەلاَمی ئێمەدا دەڵێ، گەر ئازان بۆ بە شێوەیەکی زانستیانە وەلاَمی ئەم کتێبانە نادەنەوە ؟ ئەمەشیان دیسان نیشانەی ئەوەیە کە بەرێزیان تەواو لە بنەماکانی دیالۆگ و وتووێژی زانستیانە بێگانەیە، چونکە کاتێ وەلاَمی زانستیانەی کەسێك دەدرێتەوە، کە ئەو کەسە لە سەر بنەمایەکی زانستی رەخنەی لە بیرو باوەرەکەت گرتبێت، ئەم دوو کتێبە هەر لە ناونیشانەکانیانەوە زانستی نین، ناوەرۆکی کتێبەکان وەکو قسەکانی هەمیشەیی بەرێزیان زیاتر گاڵتە کردنە بە ئیسلام تا رەخنەیەکی زانستیانە، کە لەسەر بەرگی کتێبەکەت نووسی جەهالەتی ئیسلام، واتا تەواو بەرامبەرەکەت لە بازنەی ( عەقلانیەت) فرێ داوەتە دەرەوە!!. ئێمەش وەلاَمی گاڵتە و جنێو نادەینەوە هەر هیندەیە وەکو ئەرکێکی ئایینی خۆمان، براکانمان لە نیازی خراپی کەسانیتر ئاگادار دەکەینەوە.

وێرای ئەمە، بە تایبەت ئێوەی بەرێز ناتوانن نکۆڵی لەوە بکەن کە دژایەتی ئایینی ئیسلام لە ستراتیژیەتی حزبەکەتان نیە، چونکە هەموو کۆڕ و سمینارو وتارەکانتان بە دەیان بەڵگەی داوەتە دەست جەماوەر کە نیازتان لە بەرامبەر ئایینی ئیسلام چییە !!!

گەر برواش بەوە دەکەن کە بە وتنی یەك دوو وشەی بەتاڵ بۆ ڕێز گرتن لە ئاییینی ئیسلام، دەتوانن قەناعەت بە خەڵك بکەن، ئەوا یەکەمجار خۆتان هەڵخەڵەتاندووە، چونکە ئیتر جیلی نوێ لاوانی ڕۆشنبیر و عەقلکراوەی نوێ بە بانگەوازە دیماگوگیانەکانتان هەڵناخەڵەتێن!.

**کۆمەڵێك لاوانی نەتەوەیی موسڵمانی کورد**

**٢٠٠٣/١/٢٦**

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت